# قوباد تاڵەبانی ئەو سەرکردەیەی، بەپارەو بەبەلاش ڕیکلامی بۆ دەکرێت

ئیبراهیم عەباس

کەوتنە سەرجێگای سکرتێری گشتی (ینک) بۆ ماوەی مانگێک، شتێک زیاتر، یان کەمتر. لەگەڵ خۆیدا، کۆمەڵێک ئاریشەو چەندین گرفت و زۆرێک سیناریۆی بۆ خودی یەکێتی و دۆخی سیاسیی کوردستان هێنا، کەلەبەرایی هەموویاندا پرسی جێگرتنەوەی تاڵەبانی بۆ پۆستی سکرتێری حیزبەکەیان پشکی شێری پێبڕا. هەرچەندە پێشکەوتنی بواری زانستی و پزیشکی زۆرترین شانسی مانەوەی بۆ مرۆڤی خاوەن پارە فەراهەم کردووە، وەلێ بۆ تاڵەبانی پیری نەخۆشی ماندووی بەساڵاچوو، نەک هەر بەردەوامی ژیانی پێ بەخشییەوە ،بگرە زۆر بەزوویی دوور لەپێشبینی خۆی و بنەماڵەکەیی و خەڵکی، پێشڤەچوونەکانی بواری پزیشکی مام جەلالیان بەسەر پێ خستەوەو بۆ درێژەدان بەفەندو فێڵەکانی لەکاری ڕامیاریدا شانسێکی گەورەیان پێدا. جیا لەوەش ئەو نەخۆشییە کتوپڕە بووە نیعمەتێکی زۆر زەریف تا: بنەماڵەی تاڵەبانی بەپێچەوانەی بانگەشە لەمێژینەکانیان، کەلەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، دوو لەسەر سێی ئەو ساڵانەیان بۆ دژایەتی پارتی و بنەماڵەی بارزانی بەهەدەرداوەو ماڵم هەقە بۆ ئەو بانگەشەشیان خەڵکێکی زۆریان بەکوشت و ماڵوێرانکردن داوە. زۆر ڕوونیشە هەر لەم ڕێگایەوە مانەوەی ئێستایان مسۆگەر کردووە. لەم نێوەندەشدا ئەستێرەی بەختی " قوباد تاڵەبانی " کوڕە کچکەی مام جەلال وەکو چیرۆک و حیکایەتەکانی بەرئاگردان، لەگەشی داوەو ئەم کوڕە گچکەیەی پاش دووبرایان، بەزیرەکی خۆی و مام و هێرۆی دایکی بەهۆی باڵادەستی لەڕاگەیاندن و دەزگای زانیاری پاوانی کوڕەکانی ئیبراهیم ئەحمەدی خاڵی کاکە قوباد، ڕۆڵێکی گەورەیان لەهێنانە پێشی پرسی جێگرەوی قوباد  لەدوای مەرگ یان ڕەنگە پێش مەرگی مام جەلال بەدەست هێناوە .

دوخێ کوردستان و واقیعی دابەش بوونە دەسکردە جیۆپۆلیتیکییەکەی شارەکانی کوردستان بەسەر "پارتی و یەکێتی " دا، دوای بڕانەوەی شەڕو ئاگربارانی (1994–1997) لەجەنگی گەرمەوە بۆ جەنگی فێنک و مل پێکەچکردنی خەڵکی و پارەی زۆرو زەوەندی داهاتی ناوخۆو پارەی چەورو نەوتاوی بەغداو هەموو ئەو پشک و بەشانەی سەرکردایەتی حیزبەکان لەکۆمپانیا گەورەکانی بازرگانی و تەکنەلۆژی و ئۆتێل و بوارەکانی تری گەشت و گوزاری ناوخۆو لەدەوڵەتانی دەرودراوسێ وە تا چین و ئەوروپاو ئەمریکا، بەدەستیان هێناوە، هاوزەمان لەگەڵ ئەو پارە خەوتووەی حیزبەکان بەدەیان ناوی جۆراوجۆر لەبانکەکانی دونیا دایانناوە، دۆخێکی ناوازەو نایابی بۆ ئەو دوو حیزبەگەورەی کوردستان ڕەخساندووە، تا ئەو باڵا دەستییەی پێشووتر بەهۆی بەکوشتدانی کوڕی خەڵکی هەژاری کوردستان لەجەنگە خوێن لافاوبەرەکانی نێوانیان لەدۆڵ و کەپک و چیاو دەشت و گردو شارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان و هەموو ئەو جێگا نادیارانەی فەرهاد سەنگاوی و شێخ جەمال لەدەنگی گەلی کوردستان و کامەران خەفاف و ئاسۆ قەرەداخی لەدەنگی کوردستانی عێراق بەخەڵکیان ئەزبەرکردن و ڕەنگە ئێستا خەجاڵەتییان بۆ بکێشن، بەدەستیان هێناوە، بکارێن(بتوانن) پارێزگارێکی جوامێرانەیان لێ بکەن و باڵادەستی هەمیشەیی هەردوو حیزب بەپاشگری ناوی ( بارزانی و تاڵەبانی ) باشتر مسۆگەر بکەن .

یەکێتی، یان ڕاسترە بڵێم بنەماڵەی تاڵەبانی، نەخۆشییەکەی مام جەلالیان  بەدەرفەت زانیوە تا ڕێگا لەدوو کەرتبوون و دە کەرتبوونی یەکێتی بگرن، ژ بەر هەندێ بۆ جێگری سکرتێری گشتییان پێویستییان بەکاندیدێکە کەپەسەندی خودی سکرتێرو بنەماڵەکەیان بێ و بتوانێت بەرژەوەندییە

**ئاشکراو نهێنییەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەناوخۆو دەرەوە بپارێزێ و بەئاسانی دەستبەرداری ئەو بەرژەوەندییانە نەبێت. حەتمەن ئەو کەسەش نابێت لەبنەماڵەی تاڵەبانی ڕەت بکاو، بەلای مام و یەکێتیشەوە گرینگ نییە قوباد تاڵەبانی پێشووتر ئەو کاتەی کوڕی خەڵکی لەو چیایانە بەکوشت دەدرا، چ کارەبووە؟ ئایا ئەو کات قوبادی کوڕە گچکە، شاگردی فیتەر یان مەیفرۆشی باڕەکانی لەندەن بووە؟ بەڵکو گرنگ ئەوەیە خەونەکانی مام جەلال لەهێشتنەوەی پاشگرو نازناوی تاڵەبانی، لەکەسی یەکەمی حیزبەکەیان نەترازێت بۆ کەسی تر!؟ بۆ گەیشتن بەم مرازە، لەئەمڕۆدا هاشوهوشی ڕاگەیاندن باشترین دەرفەت و ڕەخسێنەری ئەو کارەیەو تینوی خەڵکیش بۆ هەواڵی گەرم دەرفەتەکەی لەبارتر کردووە، هەر لۆیە قوباد تاڵەبانی خێرا خێرا، بەپارەو بێ پارە، ڕیکلامێکی گەرمی بۆ دەکرێ و بەئەفسانەکردنی تاڵەبانی گچکە هێند خێرا کراوە، مرۆڤ بەفریای ئەو هەموو لێدوان و گفتوگۆو دیمانەی خودی قوبادو هەواڵ و وتارو نووسین و لەسەر نووسین وبەدواداچوونی نووسەرو ڕۆژنامەنووسان لەسەر ئەم زاتە ناکەوێ، نازانم ئەو خێراکارییە دەرەنجامی پێشبینی مەرگی نزیکی سکرتێری گشتییە؟ یان بەئەفسانەکردنی کەسایەتی داهاتووی سکرتێری گشتی یەکێتییە؟!**

**گەورەترین بەدبەختی میللەتی کورد لەوەدایە، دیکتاتۆریەتی بەرپرسە گەورەو بچوکەکانی کورد، دۆخێکی هێندە ناجێگیریان لەکوردستان بەرهەمهێناوە، هێندە کەسایەتی مایە پوچی ساختەی حیزبی و لەشکری و حکوومی بەدرۆ بەخەڵکی ناسێنراوە، نەک ئەو هەموو ڕیکلامەی ئێستا بۆ کاکە قوبادی نەناسیاوی خەڵکی کوردستان و دوورە دەستی دانیشتووی ئەمریکا دەکرێت، ڕەنگە سەرەباسێکی گچکە بەس بووایە، تا ئامادەکاری جێگرەوەی تاڵەبانی بەئاسانی لەلایەن کوڕەکانییەوە بکرابایە. جێگرەوەی جێگاکەی مام جەلال لەپێش مەرگی خۆی یان لەدوای مەرگی، وەکو ڕووداو دەرەنجامە هەنووکەیەکان بەدەری دەخەن کارێکی ئاسانکردەو باوەڕناکەم تێچووی سووری مرۆیی ( خوێن )ی گەرەک بێت! شوکر بۆ خواش لەکوردستان و لای بنەماڵەی تاڵەبانی دیناری سوورو دۆلاری کەسک هێندە زۆرە، دەکارێن زۆر بەسانایی دەست و مەچەک و دەمی دۆست و نەیارانی خۆیانی پێ بگرن و بەئاسانی بەمەرامەکانی خۆیان لەڕادەستکردنی دەسەڵاتی کەسی یەکەمی حیزبەکەیان لەباوکەوە بۆ کوڕ بگەن .**

2007/6/29